# ئاستەکانی زمان

**زمان لەچەند ئاستێکی تێکچڕژاو پێك هاتووە،کە هەندێکیان سەرەکیین و ئەوانیتر لاوەکی ، زۆربەی زمانەوانان لەسەر ئەوە رێك کەوتوون کە ئاستەکانی زمان و دانەکانی دەبێت بە پێی پلەیان ڕێزبکرێن ، هەروەکو لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا ڕوون کراوەتەوە:**

**ئاستەکانی زمان بریتین لە(دەنگسازی — ڕێزمان — واتاسازی).**

**دەنگســـازی :ئەو زانســـتەیە کە لەدەنگ دەکۆڵێتەوە بە شـــێوەیەکی گشـــتی و دوو لقی لێ دەبێتەوە :**

**أ-فۆنەتیك:ئەو زانستەیە کە لەلایەنی فیزیکی دەنگ دەکۆڵێتەوە، واتا لە چۆنیەتی دروست بوون و وەرگرتنی دەنگەکان.**

**ب-فۆنۆلۆژی :ئەو زانســتەیە کەلە دەنگەکانی زمانێکی تایبەت و چــۆنیەتی ڕێزبوونیان بۆ پێکهێنانی وشە و برگە دەکۆڵێتەوە.**